وەزیری بازرگانی: 47هەمین پێشانگای بەغدا بە بەشداری بەرفراوانی وڵاتان و کۆمپانیاکان دەکرێتەوە

وەزیری بازرگانی ئەسیر غورەیری دووپاتی کردەوە کە 47هەمین پێشانگای نێودەوڵەتی بەغدا ئامادەیە وبە بەشداری بەرفراوانی وڵاتان و کۆمپانیاکان دەکرێتەوە.

وەزارەتی بازرگانی لە بەیاننامەیەکدا راگەیاند: ئێوارەی ئەمڕۆ سێشەممە وەزیری بازرگانی سەردانی پێشانگای نێودەوڵەتی بەغدای کرد بۆ سەرپەرشتیکردنی ئامادەکاری کردنەوەی ٤٧هەمینی، کە لەژێر دروشمی "عێراق بەردەوامە" و لەژێر چاودێری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لەماوەی 10 تا 19 ئەم مانگە دەکرێتەوە.

ئاماژەی بەوەشکردووە" لە سەردانە مەیدانییە سەرپەرشتیارییەکانیدا، وەزیر ئەلغورەیری گەشتێکی بە کۆریدۆر و هۆڵەکانی پێشانگاکەدا کردووە".

ئەلغورەیری جەختی لەوەشکردەوە" دەبێت خولی 47ی پێشانگای نێودەوڵەتی بەغدا لەهەموو بوارەکاندا جیابکرێتەوە، ئەمەش پێویستی بە تەواوکردنی سەرجەم ئامادەکارییە لۆجستی و کارگێڕییەکان هەیە لە هۆڵەکانی پێشانگاکان و گۆڕەپانە سەوزەکانییەوە تا ئامادەکردنی خشتەیەک کە لەخۆگرتنی چالاکییە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و هونەرییەکان وپراکتیزەکردنی جۆرە جیاوازەکانی بۆنە باوەکان، بە تایبەت کە ئامانجمان لە جێگیرکردنی وڵاتانەدایە." و کۆمپانیاکان بۆ پێشکەشکردنی بەرهەمی پیشەسازی و

کشتوکا□ی و زانستی، ه□رو□ها ب□ هاو□اتیان ک□ چالاکیی و خولیاکانیان پراکتیز□ بک□ن.

ئاماژ□ی ب□و□دا، ک□ ل□ چل و ح□وت□مین خولی پ□شانگای ن□ود□و□□تی ب□غدا ب□شداریه□کی ب□رفراوانی و□اتانی ع□ر□بی و بیانی و ک□مپانیاکان د□ب□ت.